# ئەوەی لە پەنای کورەی ئاگر دانشێ ئاگر دەیسوتێنێ!!!

سمیر نوری

**لە وەڵام بەقسەکانی نیچرڤان بەرزانیدا لەگەڵ ئاژانسی دەنگ وباسی ئەناتۆڵدا !**

لە دیمانەیکدا کە ئاژانسی دەنگ و باسی ئەناتۆڵ لە گەڵ نیچیرڤان بەرزانیدا ئەنجامی داوە کە لە وییسایتی پارتیدا بلاو کراوەتەوە ، بیجگە لەو قسانەی کە تورش و خویی دیبلوماسیەت و چاوبرکێن لە نێوان پارتی و تورکیادا ، نیچیرڤان بەرزانی لەبەردەم پرسیارێکدا کە پەیوەندی بە ئارامی و ئاسیشی خەلکی کوردستان و کوردستانەوە هەیە گیر دەکات و پەنا دەباتە بەر ئەگەرو نەگەری ئایندەی ئەوزاعی سیاسی گشت عێراق و لە کاتێکدا ئەو خۆیشی لە هەموو کەس زیاتر ئەوزاعی سیاسی عێراق باشتر دەزانێ چۆنە .

لەو دیمانەیدا نیچرڤان دەڵێ "هەموو توانایەکمان بەکار دەێنین بۆ ئەوەی ئەم نائارامیە دزە نەکاتە ناو هەرێمی کوردستان و لە گەڵ هەموو پارتەکانی عێراق هاوکاری دەکەین بۆ کۆتای هێنان بەو بارودۆخەی نائارامی . ئێمە بڕوامان وایە کە پێکهێنانی حکومەتی کارامە و دیموکرات و فیدراڵ لە عێراق کە رێز لە مافی هاولاتیان بگرێت . باشترین رێگایە بۆ جێگیرکردنی ئاسایش لە عێراق" .

ئەگەر تەجروبە مەحکی راستی و دروستی هەر تێڕوانینێك بێت ئەوە تەجروبەی ئەم سێ و چوار ساڵەی ڕابردوو ئەو ڕاستیەی سەلماند کە ئەو قسەیەی نیچیرڤان بەرزانی زۆر دوورە لەراستیەوە و ساڵ بە ساڵ تیرۆر و تەقینەوەو کوشت و کوشتار لەسەراسەی عێراقدا لەپەڕە گرتندایە و نەك کەم نەبووەتەوە نەك ئارامی دابێن نەبووە ئیتر خەریکە پەل دەهاوی بۆ کوردستان هەر ئێستا بەشێك لە ناوچە کوردنشینەکان بەتەواوی بووەتە شۆینی ڕووبەڕوو بوونەوە و پێکدادانی هێزە دەرگیرەکانی عێراق .

جانبێکی تری قسەکانی نێچیرڤان بەرزانی ئەوەیە ئەمان بۆ زامن کردنی ئاسیشی کوردستان لە گەڵ پارتەکانی تری سەراسەری عێراق هاوکاری دەکەن بۆ کۆتایی هێنان بە بارودۆخی نائارامی !! ئەبێ ئەو پارتانە کامانە بن وا نیچیرڤان بەرزانی دەستیان لەگەڵ دا تێکەڵ دەکات بۆ زامن کردنی ئارامی و ئاسیش بەراستی بەقەولی پێشینان " بازی بازی بەریشی بابە ( خەڵکی کوردستان) بازی " . کێ هەیە ئەو حزبانەی کە پارتی و یەکێتی دەستی تێکەڵ کردوە لە گەڵیاندا و حکومەت یان داوڵی دەستی ئەمریکایان دروست کردوە بەیەکەوە نەناسی ، کێ هەیە هەر لەدەمی سەرانی ئەم دوو حزبەوە نەیبیستی ئەم حزبانە چەندە دژی خەڵکین چەندە ناسیۆنالست و چەندە دەستیان هەیە لە ئاڵۆز کردنی ئەوزاعەکە و لە هەڵگیرسانی شەری تایەفیدا لە سەراسەری عێراقدا . میلیشای بەدر بەقەولی خەڵك ( میلیشیای غەدر) و میلیشیاو چەقۆ کێشەکانی جێشیئەلمەهدی ئارامی وەدی دێنن !! کە هەر ئێستا کەرکوکیان کردوەتە گۆمی خۆین و

خەتەرترین هێزی بەرامبەرکێ و شەڕی قەومین لە شاری کەرکوك . یا کۆنە بەعسی و دارو دەستەکەی علاوی ئەم خێرو بەرەکەتەیان لێ هەڵدەوەرێ . بۆچی نێچیرڤان نایەتە بەردەم خەڵك و بیسەڵمێنی بڵی ئومێد ببەستن بەم هێزانەو دیموکراتیەت لەسەر دەستی ئەم هێزانە وەدی دێت، خەڵکی کوردستان وەك هاوڵاتی متساوی الحقوق لە عێراقی " دیموکراتدا" دەبوژێنەوە دەستی خاتر جەمی بخەنە ژووری سەریان .

" تاریکی مانگ سەر لەئێوارە دیارە " بەڵام ئەوە شەبقی دا خەڵکی ئەم ئیدعایەی نیچیرڤان بەرزانی و هاوپەیمانەکەنانیان لە هێزەکانی هاوپەیمان و ئەمریکا نەك نەهاتە دی نەك حکومەتی" دیموکراتی" دروست نەبوو نەك عێراق "رزگار نەبوو" بەڵکو عێراق بووە بەرەی جەنگ و لە تازە ترین کۆبوونەوەی کۆنگریسی ئەمریکا و لە ووتاری جۆرج بوش دەربارەی " یەکێتی" دا ئەوەیان راگەیاند کەعێراق بەرەی جەنگەو نابێ لەعێراق بچنە دەرەوەو ، ئەوە بوو ماوەیەك ووتیان بەگرتنی سەدام وەزعەکە دەگۆڕێت بەڵام نەگۆڕا ئەنجا ووتیان زەرقاوی ، زەرقاویش کوژرا ئەنجا نۆرەی ابو حەمزەو خوا خۆی دەزانی چەند عباس و عمر و عوسمان بەم دان و دووەوە دەبەینە سەر و هەر دەڵێین ئەم نانە بەو ڕۆنە .

حکومەتی " دیموکرت " هێزێك دەتوانی دروستی بکات خۆی دیموکرات بێت ئازادی بسەڵمێنی ، نەهێزەکانی ئیسلامی سیاسی ونە هیچ قەوم پەرست و ناسیۆناڵستێك ناتوانێت و نایەوێت حکومەتی سکۆلار و ئازاد دابمەزرێنێ . ئەو هێزانەی نیچیرڤان باسیان دەکات بەخۆشیانەوە سواری ئەم مەیدانە نین و نایانەوێ ببن . ئەو چەند مەهزلەی حکومەت دروست کردنانەی تا ئێستا بەرێیان خستووە لە بەغدا لە مەجلیس حوکمەوە تا ئێستا ئەوەی پەیوەندی پێوە نەبووە ئازادی و دیموکراتیەت بووە . کۆبوونەوەی نوێنەرانی قەوم و تایفە و دین و میللەتەکان لەژێر یەك بنمیچدا قەت ناتوانێت پەیوەندی هەبێت بە ئازادی و نوێنەرایەتی کردنی خەڵکەوە ، ئەوەی تا ئێستا تەجروبەی دوای ڕوخانی بەعس پێشکەش بەخەڵك کراوە ، بێجگە لە پێکەوە لکاندنێکی ڕووکەشی نوێنەری قەوم و تایەفەو دین و میللەتەکان هیچی تر نەبووە ، کە ئەمە بەپێ هەرچی ئیستانداردی دیموکراسی هەیە دژی دیمەکراسیەت و ئازادی یە، ناتوانی حکومەتی " دیموکراتی " ! دروست بکات .

وەك دەرمان خست ئەمە نەك باشترین رێگا چارە نیە بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسیشی خەڵك هەم لە عێراق و هەم لە کوردستان، بگرە قورەکە خەستر دەکاتەوە ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەوزاعەکە بەرەو خراپتر دەچێت و جەنگی نیوان دوو قوتبی تیرۆرستی ئیسلامی سیاسی لەلایەك و ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەلایەکی ترەوە فراواتر دەبێتەوە ، ئەقڵی نا حەکیمی ڕابەرایەتی ناسیۆنالیزمی کورد پاپا خەریکە خەڵکی کوردستان لەم جەنگەدا دەسوتێنن . بەرژەوەندیە بەرتەسکەکانی خۆیان ناکەنە قوربانی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان ، بەڕۆژی ڕووناك دەڵێن ئێمە ئێوە بەنێو ئەم مەع مەعەیدا دەبین خەمتان نەبێ . وەك بڵێی لە جەنگی ئێران و عێراق و جەنگەکانی تری ناوچەکە خەڵکی کوردستانیان زۆر پاراست بێ .

بۆ خەڵکی کوردستان ئەمە خراپترین چارەنووسە کە نا سۆێنالیزمی کورد و سەرانی وەك باشترین " رێگا چارە" دەیخەنە پێشیان و نەك بەرەو جێگای ئارام نایان بات بەڵکو دەیانخاتە ناو جەنگڵستان و کورەیکی

ئاگرەوە ئەو سەری لەوانەشەوە دیار نیە کە خولقاندویانە . نێچیرڤان بەرزانی بەم قسانەی جارێکی تر سەلماندی کە ناتوانێت نوێنەراتی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان بکات. دەیەوێ خەڵکی کوردستان نوقمی کورەی ئاگری سیناریۆی ڕەش و جەنگی نێوان تیرۆرستان بکات .

لە ئەمڕۆدا باشترین ڕێگاچارە بۆ خەڵکی کوردستان جیابوونەوەیە لە عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی سکولارو موتەمەدینی غەیرە قەومیە لە کوردستاندا ، لە ڕێگای دەنگدانێکی گشتیەوە لەلایەن خەڵکی کوردستانە بۆ جیابوونەوە یان یان مانەو لە عێراقدا . ئەمە کۆمەك دەکات بە خەڵکی عێراقیش رزگاریان بێت لە کێشمەکێشی قەومی کە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە و فرسەتێکی باشتر دەخولقێنی تا چارنووسی سیاسیان ئازادانە هەڵبژێران .

سەبارەت بە کەرکوك نەك لەبەرژەوەندی خەڵکی کەرکوك نیە حکومەتی فاشستی تورکیا دەست وەردا لە نێو شارەکەیاندا بگرە لەبەرژەندیشیانە هێزێکی وەك پارتی و ناسیۆنالیزمی کوردیش دوور بخرێتەوە لە ژیان و چارەنووسیان . چونکە پارتی چی لە ڕووی سیاسیەوە وچی بەنا بەفەلسەفەی وجودیانەوە هێزێکی قەومی دژی نەتەوەکانی ترن   لەڕووی مێژوویشەوە دەستیان هەبوو لەقەتڵ عام کردنی خەڵکی شارەکەدا چی ئەمان و چی تۆرانیەکان ، ئێستاش هەر خەریکی خۆش کردنی ئاگری ئەم شەڕەن .

خەڵکی کەرکوك کاتێك دەتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و حەقیش بەوانە چارەنووسی کەرکوك دیاری بکەن و کە کێشەی کوردستان بەلایەکدا کەوتبێ و بواریان پێ درابێ ئازادانە چارەنووسی خۆیان هەڵبژێرن . بەدڵنیایەوە ئەگەر کوردستانێکێ سکۆلاری سەربەخۆ و موتەمەدین هەبێ و خەڵکی کەرکوك بیانەوێ ئیختیار بکەن لەنێوان سیناریۆی ڕەش و وڵاتێکی ئازاد و سکۆلار و مەدەنیدا نەك کورد زمانەکان بگرە دەیان هەزار لاو و ژنی تر کە بەعەربی یان تورکمانی قسە دەکەین دووەمیان هەڵدەبژێرن و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە .

2006\6\19